# با ماڵەکانمان وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە نەبێت

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : سومەیە عەبدوڵلە

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١
islamhouse.com

# ﴿ حتى لا تكون بيوتنا كبيت العنكبوت ﴾

« باللغة الكوردية »


إعداد : سمية عبد الله

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز



١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# با ماڵەکانمان وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە نەبێت

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری باڵادەست وبەهێز وبەتوانا، وە درود ورەحمەتی نەبڕاوەی پێ پایانیش بۆ سەرگیانی پێشەوای مرۆڤایەتی و فەخری عالم موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئەهل وبەیت ویار وياوەران وشوین کەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

خوای گەورە لەسورەتی عەنکەبوتدا دەفەرموێت : ( مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنْكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنْكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ ) { العنكبوت : ٤١ } واتە : نمونەی ئەوانەی جگە لە خوای گەورە، کەسانێکی تر دەکەنە پشتیوان ويارمەتیدەر و جێ نازی خۆیان، وەك نمونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کە ماڵێکی بۆخۆی سازکردبێت، بەڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر ئەو ڕاستیە بزانن و تێبگەن .

خۆشەویستان ئەو تەفسیر و واتایەی سەرەوە کە بۆ ئایەتەکە کرا تەفسیر و لێکدانەوەیەکی شکلی و ڕواڵەتیە کە زۆربەی زۆری خەڵك و بگرە ڕاڤەکەرانی قورئــان ( موفەسیرەکان ) یش هەر هێندەیان لەبارەوە وتووە، کەماڵی جالجالۆکە ماڵێکی لاواز وبێ هێزە وبەرگەی هیچ شتێك ناگرێت لەبەر ئەوە لاوازترین خانووی مەخلوقاتی خودایە .

هیچ جێگای مشتومڕ نیە ئەگەر بە تێگەشتنێکی ڕواڵەتی لەمانای ئایەتە پیرۆزەکە وورد ببینەوە هەر هێندەی لەبارەوە دەگوترێت، بەڵام ئایا ناکرێت هەڵوێستەیەك بکەین لەگەڵ کۆتایی ئایەتەکــەدا کــە دەفەرموێت : ( لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ = ئەگەر ئەو ڕاستیە بزانن و تێبگەن ) ئایا هەر لەسەرەتای دابەزینی ئەو ئایەتەوە هەتا ئەم چەند ساڵانەی پێشووتریش خەڵكی ئەوەیان زانیوە کە لە هەموو جیهاندا زیاتر لە ( ٣٠،٠٠٠ ) سی هەزار جۆری جیاوازی جــاڵجــاڵۆکە هەیە بەهەموو شێوە و ڕەنـگ وقەبارە جیاوازەکانیەوە ؟ .

وه ئایا خەڵك ئەوەیان زانیوه كه نێره ومێیەكانی جاڵجاڵۆكه تەنها لەكاتی زاوزێ وگەرا داناندا نزیك یەك دەكەونەوه و هەر پاش پیتاندنی گەراكانیان خێرا نێرەكه لەهێلانەكەی هەڵدێت لەترسی ئەوەی نەوەك مێیەكەی بیكوژێت ! ئەم داب ونەریتەش لەناو زۆربەی زۆری جۆرەكانی جاڵجاڵۆكەدا هەیه بەتایبەت ئەو جۆرەی كه به ( الأرملـة السـوداء ) ناسـراوه .

وه ئایا خەڵكی ئەوەیان زانیوه كەجۆرێك لەجاڵجاڵۆكه پاش جووت بوون و پیتاندنی گەراكانیان مێیەكەیان نێرەكه له ماڵەوه بەجێ دەهێڵێت هەتاوەكو پـاش هاتنـه درەوەی بێچـووەكان لـەهێلكەكانیان نێرەكـه ببێت بەخوراكیان ؟! .

جۆرێكی تر لەجاڵجاڵۆكه مێیەكان بێچووەكانیان بەخێو دەكەن هەتا ئەو كاتەی كه كەمێك گەوره دەبن وخۆیان دەگرن ئەمجا هەڵدەسـن به كووشـتنی دایكەكەیان و دەیخۆن، هەندێك جۆری تریان بێچووی یەك بەرەبابیان لەناو خۆیاندا دەیكەن بەشـەڕ وئەوەی بەهێز بێت ئەوی دیكه دەكوژێت تەنها بۆ ئەوەی پارووییەك خواردنی دەسـت بكەوێت .

لێرەوه بۆمان ڕوون دەبێتەوه كه پەیوەندی خێزانی لەناو ئەم جۆره مێرووەدا تا چ ڕادەیەك لەسـەر بنەمای بەرژەوەندی كاتیه (مصالح مؤقتة ) ه یه تا ئەو كات وسـاتەی كه بەرژوەندیان پێكەوه نامێنێت ئەو كاته بەردەبنەیەك ویەكتر دەخۆن، هەر لەبەر ئەم پەیوەندیه لەرزۆكەیه كه ماڵ وهێلانەكەشـیـان هێنده لاواز وخۆنەگره لەبەردەم هەر هێرشـێك بكرێته سـەریان .

بـەم شـێویه ئاشـكرا بوو بۆمان كاتێك خوای گەوره وەصفی ئەم ماڵه به ( الوهن = لاواز ) دەكات تەنها لەبەر لاوازی خانووەكەیان نیه ، بەڵكو ئێسـتا زانسـتی سـەردەم سـەلماندویەتی ئەو ڕیسـەی كه خانوو و هێلانەی جاڵجاڵۆكەی لێ دروسـت دەبێت چەند جارێك لەكانزای پۆڵا بەهێز تره، بۆیه دەبینین ئەم خانوەی جاڵجاڵۆكه ئەتوانێت مێرویەكی زۆر گەورەتر له خاوەنەكەی بگرێت، یان دەبینین جاڵجاڵۆكه بەهۆی تاڵه دەزولەیەك لەو مادەیه دەتوانێت بەخێرایەكی زۆر بەهێز بفرێت بەبێ ئەوەی ببچڕێت، ئەمەش بەڵگەیه لەسـەر بەهێزی ئەو ڕیسـەی كه جاڵجاڵۆكه ماڵی خۆی پێ دەتەنێت .

كەواته زانیمان ئەو لاوازیەی كه خوای گەوره له ئایەته پیرۆزەكەدا باسـی كردوه سـەرەڕای لاوازی خانوەكه لەڕووی دروسـت بوونیەوه بەهەمان شـێوه لاوازی ئەو پەیوەندیه خێزانیەشـه كه لەنێو خودی مێرووی جاڵجاڵۆكەدا هەیه وەك لەپێشـتر ئاماژەمان پێكرد .

ئێسـتا گەشـتینه ئەو ڕاسـتیەی كەسـانێك جگه لەخوای گەوره كەسـێكی تر ئەكەنه پشـتیوان و یارمەتیدەری خۆیان نمونەیان لەبێهێزی پەیوەندی كۆمەڵایەتی وخێزانیان لەنێو یەكتردا خوای گەوره چواندوونی بەو پەیوەندیه بێهێزەی كه له نێو خێزانی جاڵجاڵۆكەدا هەیه، كه هەموو كاتێك ئەگەری ئەوەیه هەیه یەكتر بخۆن ویەكتر قڕ بكەن، چونكه كۆبونەوه و پەیوەندی ئەو جۆره كەسـانەش تەنها لەسـەر بنەمای چەند بەرژوەندیەكی كاتی هاوبەشـی دونیایی یه .

ڕاستیەکی تر لەم باسەمانەوە ئاشكرا دەبێت ئەویش ئەوەیە لەگەڵ پێشكەوتنی زانستی سەردەمدا زیاتر موعجیزەكانی قورئانی پیرۆز دەردەكەوێت .

لەكۆتایدا چەند پرسیارێك دەكەم ئایا لەنێو ئێمەی ئادەمیزادیشدا كەسانیك نیە كە خانوو كۆشك و تەلارەكانیان لە بەهێزترین مادە وجوانترین وگرانرتین جۆری بەردی مەڕمەڕ دروست كردبێت، بەڵام كاتێك دێیتە سەر پەیوەندی كۆمەڵایەتی وخۆشەویستی نێوانیان تۆزقاڵە زەرەیەكیش هەستی پێ ناكەیت بەشێوەیەك لەوپەڕی خراپیدایە كە خۆشبەختی وسەعادەتی خێزانی تێدا بەدی ناكرێت، دەبینیت لەنێو یەكتردا خەریكە یەكتر بخۆن وەك یەكتر خواردنی بێچووی جاڵجاڵۆكەكان، یان بوونی كوڕ وكچی لاسار كەهەمیشە خەریكی ئەزیەت و ئازاردان ولێدانی دایك وباوكیانن ( خوای گەورە پەنامان بدات ) ئایا ماڵێكی بەم شێوە وپڕ لە ئاژاوە ومەشاكیل خۆی لەخۆیدا جۆرێك نیە لەو كوشتنەی كە بێچووی جالجاڵۆكەكان لەپاش گەورە بوونیان كە پێویستیان بەدایك و باوكیان نامێنیت هەلدەسن بەكوشتنی دایكەكەیان وەك ئەوەی باسمان كرد ؟ ! .

یان جۆرێكی تر هەن لەخێزان براكان لەنێوان یەكتردا بوون بەدوژمنی یەكتر و ئاو لەكاسە سەری یەكتردا دەخۆنەوە، تائەو ڕادەیەی كە خۆشەویستی و پەیوەندیە خێزانی لەنێوانیاندا باری كردوە ونەماوە، لەجێگایدا ڕق وكینە وداخ لەدڵی بەرامبەر یەكتر جێگای گرتوەتەوە، بەشێوەیەك وای لێهاتوە وەك ئەوەی بڵێیت ئەو برانە لە ڕەحمی یەك دایك و پشتی یەك باب نەبن ؟ ! .

جا خۆزگە و صەد جار خۆزگە بەهەموو لایەكمانەوە هەوڵی ئەوەمان دەدا كە تۆی ڕق وكینە ودووبەرەكی لەنێو خۆماندا بنەبڕ بكەین لەجێگایدا تۆی خۆشەویستی و تەبایی و ڕێز لەیەكتر وبرایەتی بروێنین، هەروەك چۆن لەسەرەتای دروستكردنی خانوەكانمانەوە هەوڵی ئەوە دەدەین لەباشترین و چاكترین جۆری كەرەسەی خانووبەرە دروستی بكەین، پێشینانیشمان جوانیان ووتوە ( بێ ماڵی باشە تا ماڵی پڕ جەنگ، پای پەتی باشە تا پێڵاوی تەنگ ) .

خوای گەورە پشت و پەنای هەموو لایەكمان بێت

جارێكی تر درود ورەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پێغەمبەری ئازیز وهاوەڵ شەوێن كەوتوانی هەتا هەتایە .

والسلام علیكم ورحمه الله وبركاته .